# ختان بارزن ل حوت تاوان ورانر

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خۆتان بپارێزن له حەوت تاوانە وێرانکەرەکە^». ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە چین؟ فەرمووی: «خۆتان بپارێزن له حەوت تاوانە وێرانکەر و لەناوبەرەکە، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە چین؟ فەرمووی: شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە، وسیحرکردن، وکوشتنی نەفسێک کە خوای گەورە حەرامی کردووە بکوژرێت مەگەر بە هەق ومافی خۆی نەبێت، وخواردنی ڕیبا (سوو)، خواردنی ماڵی هەتیوان، وڕاکردن له ڕۆژی جیهاددا (پشتکردنە گۆڕەپانی جەنگ وڕاکردن)، وتۆمەتی زینا هەڵواسین بۆ ئافرەتە داوێن پاکە بێئاگاکان (بێ ئاگا وبەریئن له زیناکردن)». ^(ناونراون بە حەوت تاوانە وێرانکەر ولەناوبەرەکە -الموبقات- چونکە دەبنە هۆی لەناوبردنی (بکەرەکانیان له دونیا وقیامەتدا

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمان بە ئومەتەکەی دەکات بە دوورکەوتنەوە له حەوت تاوان وگوناهی لەناوبەر، وکاتێکیش پرسیاری لێکرا کە ئەو تاوانانە چین؟ ڕوونی کردەوە: یەکەم: هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە (شیرک)، ئەمیش دانانی هاوتا وهاوشێوەیە بۆ خوای گەورە ئەگەر بە هەر شێوەیەک بێت، وکردنی هەر پەرستنێک لە پەرستنەکان بۆ جگە له الله -سبحانه وتعالی-، وسەرەتا له شیرکەوە دەستی پێکرد چونکە گەورەترین تاوانە، دووەم: سیحر کردن - ئەمیش بریتیە لە گرێ ونووسینی جادوو وشتی وەک دەرمان ودوکەڵ -، کە کاریگەری هەیە لەسەر لاشەی سیحرلێکراو بە کوشتن یان نەخۆشی، یان جیاکردنەوەی هاوسەرەکان لەیەکتر، ئەمە کردەوەیەکی شەیتانیە، زۆر جار ناتوانێت ئەم کارە بکات هەتاوەکو شیرک وهاوبەش بۆ الله بڕیار دەدات ونزیک دەبێتەوە لە ڕۆحە پیسەکان بەو شتانەی خۆشیان دەوێت. سێیەم: کوشتنی نەفسێک کە خوای گەورە حەرامی کردووە کوشتنی مەگەر بەهۆی پاساوێکی شەرعی کە فەرمانڕەوا جێبەجێی دەکات. چوارەم: خواردنی ڕیبا بەڕاستەوخۆ یان سوود لێوەرگرتنی بە جۆرەکانی تر. پێنجەم: خواردنی ماڵ وپارەی ئەو منداڵەی باوکی مردووە وهێشتا باڵغ نەبووە. شەشەم: ڕاکردن وپشتکردن لە گۆڕەپانی جەنگ بەرامبەر کافرەکان. حەوتەم: هەڵواسینی تۆمەتی زینا کردن بۆ ئافرەتە ئیمانداره داوێن پاکەکان، هەروەها تۆمەت هەڵواسین بۆ پیاوانی ئیماندار.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3331